جیاوازی نێوان حەدادی و سەلەفی

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کەسانێك بەرامبەر تۆمەتبار دەکات بە حەدادییەت و توندڕەو ئەگەر چی ئەو کەسەش سەلەفی بێت و شوێنکەوتەی ڕێبازی سەلەفیەت بێت، بۆیە تۆمەتی حەدادییەت هەر وا شتێکی ئاسان نیە کە هەر کەسێکت بە دڵ نەبوو ئیتر ئەم وشەی پێوە بلکێنی، وە خەڵکی پێویستە وریا بن کە حەدادییەت گروپێکی گومڕان بە چەند نیشانەیەك دەناسرێن، ئەوەی لای ئێمە گرنگ بوو ئەوەیە کە خۆمان بەری بکەین لە و گروپە وە مەنهەجی خۆمان لەبەرامبەر سیفەتەکانی ئەواندا روون بکەینەوە - کە ئەو سیفاتانەش چەند خاڵێکی روونە وەك شێخ رەبیع باسی کردووە- وە پێویستە بزانین کە سەلەفییەکان کێن و سیفاتیان چۆنە، بەم شێوەی خوارەوە :

١) حەدادییەکان: رقیان لە زانایانی ئەهلی سوننەیە بەتایبەت زانایانی سەردەم و زانایانی شاری مەدینە، تا ڕادەیەك گەشتونەتە ئەوەی کە قسە بە ئیبن تەیمیە و ئیبن قەیم و ئیبن ئەبی العز بکەن.

سەلەفییەکان: زانایانیان خۆش دەویت وئیبن تەیمیە وئیبن قەییم و ئیبن باز و ئەلبانی و ئیبن عوسەیمن بە پێشەوای خۆیان دەزانن، هەروەها زانایانی شاری مەدینەش بە هەمان شێوە لەوانە شێخ رەبیع و شێخ موحسین عەبباد و شێخ عوبید و شیخ محمد و شێخ سوحەیمی و شێخ عبداللە البخاری- خوا بیانپارێزێت-

٢) حەدادییەکان: هەرکەسێك بکەوێتە هەڵەوە لای حەدادییەکان یەکسەر موبتەدیعە و بیدعەچیە، لای ئەوان ئیبن حەجەر لە سەید قوتب خراپترە.

سەلەفییەکان: بڕوایان وایە مەرج نیە کە هەرکەسێك بیدعەیەکی ئەنجامدا یەکسەر ببێت بە بیدعەچی و تەبدیع بکرێت، وە بڕوایان وایە ئیبن حەجەر زانایایەکی گەورەیە، ئەگەرچی هەندێك هەڵەی گەورەشی هەیە، بەڵام سەید قوتب گومڕاو سەرلێشێواوە و دوورە لە ڕێبازی ئەهلی سوننەوە، وە دامەزرێنەری فیکری تەکفیرە لەم سەردەمانەی دواییدا.

٣) حەدادییەکان: تەبدیع کردنی ئەو زانایانەی کە هاوڕا نین لەگەڵیان لەو خاڵەی کە هەر کەسێك بکەوێتە بیدعەیەکەوە ئیتر بیدعەچی بیت و تەبدیع بکرێت، لای ئەوان ئەوەندە بەس نیە بەتەنها بڵێیت فلان ئەشعەرییە یان بیدعەی ئەشعەرییەتی تێدایە، بەڵکو لای ئەوان پێویستە بوترێت ئەو کەسە بیدعەچییە، ئەگەر نا هەجرت دەکەن، وە دژایەتیت دەکەن، بەڵکو تەبدیعت دەکەن و بەتۆش دەڵێن موبتەدیع!!.

سەلەفییەکان: ئەو زانایانە بە پێشەوا وسەرمەشق دەزانن نەك بیدعەچی، وە بە ئامۆژگاریکار و مامۆستا و دەمڕاستیان دەزانن نەك موبتەدیع، وەك شێخ رەبیع و شێخ عوبید و شێخ محمد ......

٤) حەدادییەکان: لای حەدادییەکان حەرامە ڕستەی – بەڕەحمەت بێت- بەکاربهێنیت بە شێوەیەکی ڕەها بەرامبەر بەو کەسانەی کە کەوتونەتە بیدعەوە، وە جیاوازی ناکەن لە نێوان کەسێکی جەهمی

و رافیزی و قەدەری، لەگەڵ کەسێك کە زانایە بەڵام توشی بیدعەیەك بووە- ئەمەیان دروستە رستەی بەرەحمەتی بۆ بەکاربهێنریت-.

سەلەفییەکان: جیاوازی دەکرێت لە نێوان جەهمی و قەدەری و رافیزە لەگەڵ کەسێك کە زانایەکی ئەهلی سوننەیە و تووشی بیدعەیەك بووە.

٥) حەدادییەکان: لای ئەوان هەرکەسیك داوای رەحمەت بکات بۆ ابو حنيفه و ابن جوزی و شوکانی و ابن حجر و نەوەوی ئەوە بیدعەچی وموبتەدیعە.

سەلەفییەکان: لای سەلەفییەکان ئەبو حەنیفە و شەوکانی و ئیبن حەجەر و نەوەوی چەند زانایەکن کە خزمەتیان بە ئیسلام کردووە و داواکارین لە خوای گەورە لە کەموکوڕیی و هەڵەکانیان ببورێت

٦) حەدادییەکان: زێدەڕەوی دەکەن لە محمود حەداد دا و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پلەی زۆر بەرزە لە زانست و عیلمدا، ئەمەش بۆ مەبەستی لەکەدارکردن و ناشیرین کردنی زانا گەورەکانی ئەهلی سوننەیە.

سەلەفییەکان: محمود حەداد گومڕا و گومڕاکەرە دوورە لە ڕێبازی سەلەفییەتەوە، وە بیدعەچییە، وە پێشەوای حەدادییەکانە نەك پێشەوای ئەهلی سوننە.

٧) حەدادییەکان: نەفرەت لەخەڵکی موسڵمانی دیاری کراو دەکەن (لعن المعين)، تا گەشتووەتە ئەو ئاستەی کە هەندێکیان نەفرەت لە ئیمامی ئەبو حەنیفە دەکەن، وە هەندێکی تریان کافری دەکەن.

سەلەفییەکان: بەڵام لە ڕێبازی ئەهلی سوننەدا نەفرەت کردن لە خەڵکانێکی موسڵمانی دیاری کراو دروست نیە، چ جای ئیمامی ئەبو حەنیفەش، وە خۆشمان دەوێت، وە خۆشەویستی ئەو دینداریيە، وە قسەی ناشیرین ونەفرەت لێ کردنی گومڕاییە.

٨) حەدادییەکان: پەیوەندییان لەگەڵ کەسانێکی حیزبی و فاسق دا هەیە، لەهەمان کاتدا دژایەتی سەلەفییەکان دەکەن و قین لەدڵن بەرامبەرییان.

سەلەفییەکان: ئەهلی سوننەیان خۆش دەوێت و بە بەزەیین بەرامبەرییان، وە بەدوورن لە دوستایەتی کردنی کەسی حیزبی یان پەیوەندی دروست کردن لەگەڵیان.

٩) حەدادییەکان : خۆشاردنەوە و خۆدەرنەخستن و بەناوی خوازراوە قسە دەکەن.

سەلەفییەکان: بەئاشکرا بانگەواز دەکەن و مەنهەجیان روون و ئاشکرایە و ناو وناونیشانیان شاراوە نیە کە سەلەفیین نەك حەدادیی.

١٠) حەدادییەکان: بنەماکانی ئەهلی سوننە لە بواری جەرح وتەعدیل دا رەتدەکەنەوە ، وە زانایانی ئەهلی جەرح و تەعدیل بەکەم سەیر دەکەن و بڕواییان بە قاعیدە و بنەماکانی ئەوان نیە.

سەلەفییەکان: ئەو بنەمایانە بە أصول ومەنهەجی خۆیان دەزانن کە زانایانی ئەهلی سوننە لە بواری جەرح و تەعدیلدا باسیان کردووە و لە رێباز و بنەماکانی ئەوان لا نادەن، نە حەدادی و توندڕەون ، وە نە ممیع وشلڕەو، بەڵکو ریبازی سەلەفیان هەڵبژاردووە لە نێوان کورتڕەوی و توندڕەویدا.

١١) حەدادییەکان: بنەماکانی ئەهلی سوننە لەبواری مەصڵحەت و مەفسەدەدا ڕەتدەکەنەوە.

سەلەفییەکان: بڕوایان وایە کە ئەو قاعیدانە هەمووی لە بنەماکانی ئەهلی سوننەیە لەوانە:

١-الشريعة مبناها على تحقيق مصالح العباد ودرء المفاسد عنهم في الدنيا والآخرة

٢- درء المفاسد مقدم على جلب المصالح

٣- قاعدة ارتكاب أخف الضررين....

١٢) حەدادییەکان: دژایەتی شێخ ئەلبانی و زانایانی شاری مەدینە دەکەن و خۆیان بەڕواڵەت وا خۆیان پیشان دەدەن کە شێخ محمدی کوڕی عبدالوهابیان خۆش دەوێت.

سەلەفییەکان: ئەلبانی و زانایان شاری مەدینە بە پێشەوای خۆیان دەزانن و لەبەر خوا خۆشیان دەوێن، وە ئیمام محمدی کوڕی عبدالوهاب زانا و ئیمام و تازەکەرەوەی ئاینی ئیسلامە لەسەر دەمی خۆییدا.

١٣) حەدادییەکان: شێخ رەبیع و ئەو زانایانەی کە لە حەقدا دیفاعی لێ دەکەن، وە ئەندامانی سایتی سەحابی سەلەفی بە مورجئیە دەزانن.

سەلەفییەکان: لە بواری ئیماندا ئەوە دەڵێین کە زانایان وتوویانە لەوانەش شێخ ئەلبانی و شێخ رەبیع، کە فەرموویانە: کردەوە بە شێکە لەئیمان، وە شیخ ئەلبانی و شێخ رەبیعیش بە ئەهلی سوننە دەزانن نەك مورجئیە، وە هەرکەسێکیش بە مورجیئەیان بزانێت ئەوە خۆی حەدادی و خەواریجە، وە سەحابیش سایتێکی سەلەفییە.

١٤) حەدادییەکان: هاوشیوەی رافیزەن لە درۆکردندا، وە لە بەڕاستخستنەوەی درۆ و بە درۆخستنەوەی راستی.

سەلەفییەکان: سوپاس بۆ خوا ئەوەی حەق وراست بێت دەیڵێین وە درۆش بۆ هیچ کەس و لایەنێك ناکەن و بەدروستی نازانن.

١٥) حەدادییەکان: هاوکار ودەستباری یەکترن بۆ تاوان و ستەم و دوژمنکاری و درۆ و خراپە و پەیڕەوکردنی بنەما باتڵەکان.

سەلەفییەکان: سوپاس بۆ خوا بەدوورن لە ستەم کردن لە بەرامبەر و هەڵبەستنی درۆ، وە ئەوەش پەیرەوی دەکەن بریتیە لە بنەما و بنچینەکانی ئەهلی سوننە.

١٦) حەدادییەکان: سوورن لەسەر باتڵ و پەشیمان نابنەوە لە هەڵە، شارەزان لە تێکدان و شێواندنی ڕاستیەکان، حەق دەکەن بە باتڵ و باتڵیش دەکەن بە حەق، وە کەسانی بچووك گەورە دەکەنەوە و بچوکیش دەکەن بە شاخ!!.

سەلەفییەکان: ئەوەی حەق بێت دەیڵێن و راستیەکان وەك خۆی باس دەکەن، زوو پەشیمان دەبنەوە لە هەڵە و تاوان، خەڵکیش بە ئەندازەی خۆی دەبین.

١٧) حەدادییەکان: خۆشەویستی و ڕق لێبونیان لەسەر کەسانێکی نەفام و نەزانە کە ئەو کەسانە دوژمنی رێبازی سەلەفیین.

سەلەفییەکان : خۆشەویستیان لەسەر بنەمای قورئان وسوننەیە ، وە زانایانی ئەهلی سوننەیان خۆش دەوێت.

ئەمە جیاوازی ڕاستەقینەی نێوان حەدادییەت و سەلەفییەتە، وە نیشانە دیارەکانیان کە پێیَ دەناسرێنەوە ئەو خاڵانە بوو کە باسمان کرد، وەك شێخ رەبیع- خوا بیپارێزێت- لە نوسراوی (خطورة الحدادیة الجدیدة) باسی کردووە.

نەك هەر کەسێك بەویستی خۆی بەرامبەر بە حەدادییەت تۆمەتبار بکات، بە بێ هیچ بەڵگەیەك.

هیوا نجم الدین شێخانی

٤ ذوالحجة ١٤٣٦